8

# ڕۆژژمێری بەكراوا*

## وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە

ئەو ڕۆژژمێرەی لە گردی شوێنەواریی بەكراوادا نزیك هەڵەبجەدا دۆزرابووەوە سەر بەو دەقانەیە كە بۆ زانینی ڕۆژە بەختەوەرەكانو ڕۆژە نەگونجاوەكان. دەقەكەی بەكراوا لەو جۆرەیە كە تەنها ڕۆژە گونجاوەكان دەژمێرن

**<u>پێشەكیی وەرگێڕان</u>**

**بابەتێكم لەگۆڤاری (كاروان) بەناوونیشانی (ڕۆژنامەی بەكراوا) بۆ بلاْوكرایەوە (ژمارە 51، كانوونی یەكەم، 1986، ل 2–9) كە تێیدا باسێكی گردی (بەكراوا)و ئەو شتانەی لەبارەیەوە وتراونو ئەو پشكنینەی تێیدا بەئەنجام گەیەنراون.. هاتووە.**

**باسەكەش بەشێوەیەكی سەرەكی لەبارەی ئەو ڕۆژژمێرە بوو كە لەوێدا دۆزرابووەوەو لەبەرئەوەی ڕۆژژمێرەكە دوورودرێژە تەنیا یەك مانگم لیْ وەرگێڕابوو.**

**لەم باسەشدا وەرگێڕانی هەموو ڕۆژژمێرەكە دەخەمە بەردەم خوێنەر هەروەها باسەكەی (ماتووش) لەبارەیەوە، لەكاتێكدا باسەكانی ناو كاروانم نەنووسییەوە چونكە بەشی زۆریان، كە لەبارەی بەكراواو شاری كۆنی ئاتلیلا بوون، لە كتێبی (مێژوو گەلی لوللو)دا هاتوون.**

**ئەم باسە لەبەشی بێگانەی گۆڤاری (سومەر)دایە، بەرگی 17، بەشی 1و2، 1961، ل17–66.**

**L.Matoush, L'Almanach de Bakr-Awa, Sumer, 17, no.1,2, 1961, pp.17-66.**

**لێرەشدا هەندێك شتم بەپێویست نەزانیوە وەربگێڕم وەك ناوو ژمارەی دەستنووسەكانی ڕۆژژمێرەكان كە (ماتووش) بەراوردیان دەكات لەگەڵ ئەوەی بەكراوا هەروەها هەندێك بەراوردیی تر كە هەرچەندە پێویستن بەلاْم باسەكەمان زۆر دوورودرێژ دەكەن، ئەم جۆرە بەراوردییانەش بۆ خۆیان كەمن بەلاْم بۆ ئەوەی خوێنەر سوودیان لێوەربگرێت پێویستە دیسان ناوو ژمارەی ئەو ڕۆژژمێرانە بنووسرێنو ئەمەیان باسەكە زۆر دوورودرێژ دەكات. جگە لەوە سەرچاوەكانی ماتووشم نەنووسیوە هەروەها گفتوگۆو بەراوردییەكانی پاش وەرگێڕانی دەقەكە ئەویش بۆ هەمان مەبەست.**

* گۆڤاری ڕامان، ژمارە 37، 1999/7/5، ل 234-239. پەراوێزەكانی خوارەوەش هی خۆمن.



Zagros website

ZAGROS WEBSITE

| خشتەی هەندێك لە لەوحەکانی بەکراوا: سومر ، بەرگی 18 ، 1962، بەشی عەرەبی، ل160 | | |
|---|---|---|
| ژمارەی پارچەکە | درێژیی لاکان بەسانتیمەتر | وەسفی پارچەکە |
| م ع 63985 | 2-3.6-6.4 | پارچەیەکی زۆر سووتێنراو (زۆر سوورکراوەتەوە)، لەسەر ڕوویەك پاشماوەی 8 دێڕو ئەوەی تر پاشماوەی 9 دێڕ، لا: پاشماوەی 2 دێڕ. |
| م ع 63986 | 2.3-6-9.2 | لە سێ لەتی جیا پێکهاتووە، نووسینێکی نادیار، شێوەیەکی نارێکی هەیە. |
| م ع 63987 | 7.7-8.9-10 | پارچەیەکە، لەسەر ڕووەکەی پاشماوەی نووسین هەیە،شێوەکەی نارێکە نزیکە لە سێگۆشە. |
| م ع 63988 | -7.6-10.6 ؟(1) | بەشێکی نەماوە ، لاکێشەییە ، رویەك 24 دێڕو پاشماوەی 2 دێڕ، ڕووەکەی تر24 دێڕو پاشماوەی 7 ، لا: پاشماوەی 4 دێڕ. |
| م ع 63989 | -14.9-18.5 3 | بەشێکی لەوحێکی گەورەیە. |
| م ع 63990 | -5.5- 8.2 2.3 | ناتەواوە ، نەسووتێنراوە ، نووسینێکی نادیار، لاکێشەییە، قاوەیی کاڵ. |
| م ع 63991 | 1.8-3.1-4.1 | بەشێکی نەماوە، وەسڵە ، نەسووتێنراوە ، ڕوویەك 8 دێری تەواو و پاشماوەی چەند دێڕێك ، ئەوەی تر 6 دێرو پاشماوەی چەند دێرێکی تر ، لا: 1 دێر. |
| م ع 63992 | 1.2-2-3 | وەسڵە ، نەسووتێنراوە ، قاوەییەکی کاڵە ، روویەك 5 دێرو ئەوەی تر 6 و لا 2 دێڕ. |
| م ع 63994 | 1.6-3.6-2.6 | پارچەیەکی بچووکە، کەم سووتێنراوە ، ڕوویەك پاشماوەی 4 دێڕو ئەوەی تر پاشماوەی 5 دێڕ. |
| م ع 63995 | - 8.5-12.7 2 | لەسەر دوو ڕووەکەی نووسینێکی ورد ، کونی رێکی لەسەردایە ، قاوەییە . |
| م ع 63998 | 2.7-7.4-8.5 | پارچەیەکی کەم سووتاو، ڕوویەك 13 دێڕو ئەوەی تر پاشماوەی 14، لا: 3 دێڕ. |
| م ع=مۆزەخانەی عیراقی | | (1) درێژیی ئەم لایە نەنووسراوە |



گردی بەکراوا – سومر 17



هەندێك لە چینەکانی گردی بەکراوا-سومر17




گۆڕێك لە چینی 7- سومر 17

ZAGROS WEBSITE


Sumer 18 رۆژژمێری بەکراوا-روو


Sumer 18 رۆژژمێری بەکراوا - پشتەوە



بەشێکی شارەزوور و گردە شوێنەوارییەکانی لە ئەتڵەس المواقع الاثرية في العراق 1976، وەرمانگرتووە بە تێهەڵکێش کردنی نەخشەی 77 و 79

## باسەکەی ماتووش

لەوحی ژمارە (IM63388)[1] ، کە لێرەدا هێماگۆڕین و وەرگێڕانەکەی هەیە، لەئەنجامی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار لە عیراقدا لەگردی (بەکراوا)دا بەدەست کەوت. ئەم گردە لەدەشتی شارەزووردایە کە بەتەواوەتی بۆ ماوەیەکی کەمی تر نوقمی ئاو دەبێت ئەویش بەهۆی دروست کردنی بەنداوی دەربەندیخان[2]. ئامانجی (بعثة)کە کە (مەحموود عەلی) سەرپەرشتیاری بوو بریتی بوو لەدەستنیشانکردنی چینە یەك بەدوای یەکەکانی گردەکە.

لەباشووری گردەکەدا، زۆر دوور نا لەشوێنی ئەو پشکنینەکەی لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لەلایەن (بعثة)یەکی ئەمەریکییەوە بەئەنجام گەیەنرا، پشکنینێکی نوێ دەست پێکرا. لەسەرەوە تا بنەوە پانزە ئاست بینران، ئەمەش بەبێ ئەوەی بگەنە زەوییە سروشتییەکە[3]. لەژێر حەوت چینە ئیسلامییەکەی سەرەوەدا بینای سەردەمی (خورری) دۆزرانەوە، ئەویش لەچینەکانی (8–10). چینەکانی (11–13) سەر بەسەردەمی بابلیی کۆنن و چینەکانی (14–15) سەر بەسەردەمی (ئیسین–لارسا)ن[4].

نزیکی سەد مەتر لەڕۆژهەڵاتی گردە سەرەکییەکە گردێکی تر هەیە کە ئەم لەوحەمان تێیدا دۆزرایەوە. لەو گردەدا پێنج چین بینراون. دوانی سەروو ئیسلامین، چینی (3–4) شتی سەر بەسەردەمی بابلیی کۆنیان تێدایە کە هەروەها چەند پارچە لەوحێك هەبوون کە لە مەوقیعەکەدا نەدۆزرابوونەوە. لەچینی پێنجەمیشدا بنیایەك دۆزراوەتەوە کەڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی (ئور).

(سپایزەر) لەبەرهەمەکەیدا (کوردستانی باشوور لەساڵنامەکانی ئاشور ناصیرپالدا) لە (AAS OR,VIII) ل 28، ویستبووی گردی بەکراوا بەقەڵای (دوور –ئاششور) دەستنیشان بکات کە لە ساڵنامەکانی ئاشور ناصیرپالی دووەمدا ناوبرابوو[5]. پادشا لەکاتی لەشکرکەشیی سێیەمیدا دژی وڵاتی زاموا ساڵی (880 پ.ز) شاری دوور... ئاشوری گرت کە پێشتر پێی دەوترا ئاتلیلا Atlila[6] و بینای کردەوەو قایمی کرد بەمەبەستی ئەوەی دانەوێڵەی دەشتی بەپیتی شارەزوور لەوێوە ببرێت بۆ ئیمپراتۆریەتی ئاشوری. هەرچەندیشە ئەم دەستنیشانکردنەی بەکراوا بەقەڵای دوور ئاشور زۆر ڕێی تێدەچێت، بەڵام هێشتا بەتەواوەتی ئەکید نییە.

لەوحەکەمان (163×108×23) میللیمەترە. بەباشی سوور کراوەتەوەو ڕەنگێکی ئەسمەری هەیە. ڕووەکەی بەباشی پارێزراوە، بەڵام بەشی گەوری پشتەوەی شکاوە. بەپێی ناوەرۆکەکەی یەکێکە لەکورتەی ڕۆژژمێر، واتە ئەو ڕۆژژمێرانەی ڕۆژە شوومەکان دەخەنە ئەولاوەو تەنیا ڕۆژە گونجاوەکان دەژمێرن.

ڕۆژژمێرەکان سەر بەئەدەبی هێمێرۆلۆجییە[7] کە لە وڵاتی بابل و ئاشوردا زۆر بڵاوبوو. هێمێرۆلۆجییەکان بەواتا

---

1 = مۆزەخانەی عیراقی 63388.

2 گردەکە نوقمی ئاو نەبووە.

3 زەویی سروشتی: بەزەویی (بِکر) ناودەبرێت و مەبەست لێی ئەو زەوییە سروشتییەیە کەیەکەم چینی بینای لەسەر دروست کراوە.

4 سەردەمی خورری: یاخود سەردەمی میتتاننی. بۆ سەردەمەکانی تر بڕوانە کورتەی سەردەمەکان لە سەرەتای ئەم کتێبەماندا.

5 سەبارەت بە (دوور–ئاشور) کە ناوە ئەسڵییەکەی لای خەڵکی زاموا (ئاتلیلا) بوو بڕوانە باسەکەی گۆڤاری (کاروان) مان هەروەها کتێبی (مێژووی گەلی لوللو)مان.

6 ماتووش بەهەڵە ناوی دەبات ئاتیلیلا Atilila کە ئاشکرایە ئەمە هەڵەی چاپە.

7 هێمێرۆلۆجی Hémérologie واتە (ڕۆژژمێر) و ماتووش واتە تایبەتییەکەی ڕوون کردۆتەوە. (هێمێر) بە یۆنانی واتای (ڕۆژ)ی دەدا. مێنۆلۆجی Ménologie ڕۆژژمێرێکە یان ڕووداوە کەبەپێی ڕۆژانی مانگەکان دانراون.

**تایبەتەکەیان ئەوانەن کە تایبەتن بە ناسینی ڕۆژە گونجاو و نەگونجاوەکان لەگەڵ ڕێنمایی-کە هەندێك جار زۆر دوورودرێژن- بۆ هەر ڕۆژێکی ساڵەکە. بەپاڵ ئەم هێمێرۆلۆجییە گشتییانە، ئەو ڕۆژژمێرانە هەن کە هەموو ڕۆژەکانی ساڵەکە دەژمێرن‌و بە بەختەوەر یان بە شووم وەسفیان دەکەن. بەپاڵ ئەمەش کورتەی ڕۆژژمێرەکان تەنیا لیستی ڕۆژە گونجاوەکانیان تێدایە. لەژێر ناوی (هێمێرۆلۆجی)یشدا هەندێك جار ئەو دەقانە هەن کە دەبێت وەك (مێنۆلۆجی) وەسف بکرێن.**

**I-سەبارەت بەهێمێرۆلۆجییە کلاسیکییەکان، دوو جۆری گەورە جیادەکرێنەوە:**

**1-ئەو زنجیرەیەی کە ڕێنماییان تێدایە بۆ هەر ڕۆژێك (...).**

**2-ئەو پێشبینییانەی بەپێی شێوازی ڕستە مەرجدارەکانیان[8] زۆر لە دەقە ئەستێرەگەرییەکانەوە نزیکن. زۆر لە دەقە هێمێرۆلۆجییەکانی ئەم شێوەیە، هەروەك هێمێرۆلۆجییەکان، سەر بە زنجیرەی (ئیققور ئیپوش)ن (iqqur- īpuš).**

**II - ئەوانەی کە ڕۆژژمێریان پێ دەوترێت ئەو بەڵگەنامانەن کە ڕێنمایی‌و پێشبینییان تێدایە بۆ هەر ڕۆژێکی دوانزە مانگەکەی ساڵەکە (...).**

**کورتەی ڕۆژژمێرەکان، واتە ئەو لیستانەی تەنیا ڕۆژە گونجاوەکانیان تێدایە، دوو شێوەیان هەیە:**

**ئـ ـ یەکەمیان پێشبینی‌و ڕێنمایی سەر بەڕۆژە گونجاوەکان نەقڵ دەکات (...).**

**ب ـ ئەوانەی تر ڕۆژەکان تەنیا وەك ((گونجاو)) وەسف دەکەن‌و بەبێ هیچ ئاماژەیەکی تر.**

**III - لەوحەکانی ڕۆژانی گونجاو کە بەشێوەی ژمارەی ناو دێڕێکی تاکدا هاتوون‌و پێش ئەوان ناوی مانگەکان نووسراون.**

**IV - سەبارەت بە مێنۆلۆجییەکان، تایبەتییەکی ئەستێرەگەرییان هەیەو سەر بەزنجیرەی (ئیققور ئیپوش)ن کە لیستی مانگەکان دەدات بۆ مەشغوولیەت‌و کاری دیاریکراو.**

**زەحمەتە ئەسڵی ئەم جۆرە دەقانە دەستنیشان بکرێت، بەڵام ئەکیدە کە تەقلیدی هێمێرۆلۆجی -سەرەتا لەژێر شێوەیەکی ئوسووڵی نەکراودا[9] - دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سومەری. ڕەنگە ئاماژە یەکەمەکان بۆ مێنۆلۆجی لەئەدەبدا ئەوانە بن کە لە کۆمەڵەی پەندە سومەرییەکان (ژمارە 1.172) هەن‌و کە ئەو چالاکییانەیان تیادا ناوبراون کە تایبەتن بە مانگەکان.**

**بابلییەکان خۆیان ئەم تەقلیدەیان گەڕاندۆتەوە بۆ حەوت دانای ئەفسانەیی (ئاپکاللو). بەپێی کۆڵۆفونی[10] ئەو هێمێرۆلۆجییەی ئاشور ((زاناکان کورتەکانیان بردو ڕۆژە گونجاوەکانیان هەڵبژارد)) ئەویش بۆ پادشای کاششی نازیماروتتاش ((بۆ مسۆگەرکردنی ڕۆشتنی باشی کارەکان)). هیچ کورتەیەك یان لیستێکی ڕۆژە گونجاوەکان (کە ئەم دەقە باسی دەکات) لەو سەردەمەوە پێمان نەگەیشتووە. ئێمە ڕۆژژمێرێکی کاتی حوکمی پادشای کاششی کوریگالزوی یەکەممان هەیە (سەدەی 14 پ.ز) کە لە (عەقەرقووف)[11]ەوە هاتووەو بە ناوونیشانی (ڕۆژژمێری کاششی) ناسراوەو**

---

[8] نموونەی ڕستەی مەرجدار لەدەقە ئەستێرەگەرییەکان: ((ئەگەر مانگی یەك شەوە لەڕۆژی 29 یەمی مانگەکە بینرا، ناخۆشی لەوڵاتی گوتییەکان ڕوودەدات‌و دەبەزێندرێت)) بۆ پێشبینیی وا بڕوانە: سومەر، 2، 1946، ل 189 (بەشی عەرەبی).

[9] لەم بابەتدا دوو سێ جار تەعبیری کانونی، قانوونی Canonique هاتووە کە بە چەند واتایەك دێت : واتایەك پەیوەندیی بە پیرۆزکردنەوە هەیە، واتایەکی تر پەیوەندیی بە قانوونی کردن، شەرعی کردن هەیە، واتایەکی تر: کەنیسەیی... تاد. لە (رامان)دا ((پیرۆزکردن))م بەکارهێنابوو، بەڵام مەبەستەکە کۆکردنەوەی ئەو هێمێرۆلۆجییانەیە تا شێوەیەکی نیزامییان هەبێت‌و تا رادەیەك خەڵکی لەبارەیانەوە ریك بن. لێرەشدا ئەم واتایەم وەرگرتووە بەڵام بەناچاری وشەی ((ئوسووڵی))م بەکارهێناوە.

[10] کۆلۆفۆن: نووسینێکە لەکۆتایی دەستنووسەکەدایە ناوی نووسەرو کاتی نووسینەوەی نوسخەکە.. تاد دیاری دەکات.

[11] دوور- کوریگالزوی پایتەخت.

کۆنترین بەڵگەنامەی ئوسوڵی کراوی ئەدەبی هێمێرۆلۆجییە. بەتەقریبی هاوچەرخی ئەمەش ڕۆژژمێرەکانی (بۆغاز کۆی) هەن[12].

دیارە کورتەی ئەو ڕۆژژمێرەی لە بەکراوادا دۆزراوەتەوە هی هەمان سەردەمە هەرچەندە مێژووی لەسەر نییە. بەپێی شێوازی نووسینەکەش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (13 پ.ن). هەموو دەقە هێمێرۆلۆجییەکانیش کە پێشتر باسکران سەر بە تەقلیدی بابلین.

کۆنترین دەقی هێمێرۆلۆجیی ئاشوری مینۆلۆجییەکی کتێبخانەی تیگلات پلاصەری یەکەمە (1166–1090 پ.ن)[13] کە سەر بە زنجیرەی (ئیققور – ئیپوش)ـە. لەوەدەچێت مێنۆلۆجییەکی‌تر (ئەویش KAR 177)، هەروەك زۆربەی دەقە هێمێرۆلۆجییەکانی ئاشور، بگەڕێتەوە بۆ سەدەی یانزەیەم یان یەکسەر دوای ئەوە.

دەقێکی نوێتر لەوحە هێمێرۆلۆجییەکەی نەمروود[14] کە لەبارەی هەفتەی یەکەمی مانگی (تێشریت)ـەوەیە. بەپێی کۆلۆفۆنەکە ئەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی حوکمی ئاشورناصیرپالی دووەم. ڕەنگە ڕۆژژمێرەکەی پەرستگەی (نابو) لە نەمروود، کە هێما گۆڕینەکەیمان لەپاشکۆی ئەم باسەماندا بلاوکردۆتەوە، هی هەمان سەردەم بێت.

ڕۆژژمێرو هێمیرۆلۆجییەکانی کتێبخانەی ئاشوربانیپال هەروەك زنجیرەی ناوداری ئێنبو – بێل – ئارخیم enbu-bēl-arhim دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی سارگۆنییەکان[15].

نوێترین دەقی هێمێرۆلۆجی ڕۆژژمێرێکی بابلییە. دەقەکە نوسخەیەکی سەردەمی بابلیی نوێیە کە ڕەنگە پاش هەرەسی ئیمپراتۆریەتی بابلی نووسرابێتەوە. ئەم باسە کورتە ئەوە پیشان دەدات کە زانستی هێمێرۆلۆجی و مێنۆلۆجی تەقلیدێکی دووردرێژی هەبوو لە ولاتی دووڕووباراو نەك تەنیا لە بابلی کاششی و هەخامەنشی و سلووقی پیادە دەکرا، بەڵکو بەتایبەتی لە ولاتی ئاشور؛ لە شارەکانی نەینەواو ئاشورو کالەح و هی‌تر.

لەوحەکەی بەکراوامان کە کورتەی ڕۆژژمێرە کراوەتە دوانزە ستوون. هەر ستوونێك بۆ هەر مانگێکی ساڵەکە[16] بەهەمان شێوەی دوانزە ستوونەکەی ڕۆژژمێری کاششی یان ڕۆژژمێری بابلی، بەلام لەکاتێکدا ڕۆژژمێرەکان (30) ڕۆژەکەی مانگەکە لەهەر ستوونێکدا دەژمێرن، لەوحەکەمان تەنیا ڕۆژانی گونجاوی تێدایەو ئاماژەیەکی کورتیان لەگەڵدایە (جگە لە ڕێنماییەکانی ڕۆژی یەکەمی مانگی تێشریت کە زۆر دووردرێژن). ڕۆژەکان بەژمارەی تەرتیبیان نیشاندراون (واتە: 2، 3، ........) جگە لەڕۆژی یەکەمی مانگەکە کە تەعبیری $U_4$.x.KÁM هەیە[17]. کۆلۆفۆنەکان لەکۆتایی هەر ستوونێکدا ژمارەی هەموو ڕۆژە گونجاوەکانی مانگەکە دەدەن (...).

لەڕێگەی بەراوردکردنی کورتەی ڕۆژە گونجاوەکانی خۆمان لەگەڵ ئەو دەقانەی تری هەمان جۆر کە تا ئێستا بلاوکراونەتەوە، دەتوانرێت تێبینیی ئەوە بکرێت کە هەرچەندە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان ئاماژەکانی بەڵگەنامە جیاجیاکان، ڕێنماییەکان بۆ ژمارەیەك ڕۆژ هاوجووتن ئەویش لەبنەماڵەی کاششییەوە تاسەردەمی بابلیی نوێ و کە مەفهوومی ڕۆژژمێرەکان بە نەگۆڕی ماوەتەوە لەو کاتەوەی بە ئوسووڵی کرا. جیاوازیی نێوان دەقە جیاجیاکان

---

[12] بۆغاز کۆی(ناوی کۆنی: خاتوشاش): پایتەختی خاتییەکان(حیثییەکان) نزیك ئەنقەرە.

[13] وا لە سەرچاوەکەدا هاتووە، ماوەی فەرمانڕەواییەکەش دەکاتە 77 ساڵ ئەمەش هەڵەیە.

[14] نەمروود ناوی نوێی یەکێك لە پایتەختە ئاشورییەکانەو ناوی ئەوسای (کالخو) بوو و لە سەرچاوە عیبرییەکاندا بە کالەح ناوبراوە.

[15] پادشاکان لەسارگۆنی دوومەوە 721 – 705 پ.ز بەدواوە.

[16] پەراوێزێکی ماتووش لێرەدا: هێمێرۆلۆجییەکان بۆ دوانزە مانگەکە مانگێك یان دوانیان زیاد دەکرد (بۆ تەواوکردنی 365 ڕۆژی ساڵەکە).

[17] واتە ڕۆژەکانی تر جگەلە ڕۆژانی یەکەمی مانگەکان بە ژمارە نووسراون: 2، 3 ، 4... لەکاتێکدا ڕۆژە یەکەمەکان وا نووسراون: ڕۆژی یەکەم. نەمزانی بۆچی ماتووش لەجیاتی ژمارەی 1 نووسیویەتی x .

دەتوانرێت تەفسیر بکرێت چ لەڕێگەی هەڵەوە -بەتایبەتی لەو حاڵەتەی دەستنیشانکردنەکان کە وێنەکانی دەقەکان دەیکەن لەڕۆژێك یان دوو ڕۆژ لەشوێنی خۆیان جوولاون- و چ بەهۆی نەریتی ناوچەیی[18].

ئەگەر بتوانین ئەنجام هەڵبهێنجین بۆ بەراوردکردنی ئەو ڕۆژژمێرانەی تا ئێستا ناسراون لەگەڵ کورتەکەی خۆمان ئەوکاتە ئەو گریمانەیە دەخەینەڕوو کە دوو تەقلیدی ناوچەیی هەبووە: ئەو تەقلیدەی لە کورتەکەی بەکراوامانداو لەکورتەکەی سەردەمی ئاشوریی نوێی کتێبخانەی ئاشور بانیپالدا ئاشکرا دەبێت، تەقلیدەکەی تریش کە مۆدێلەکەی لە ڕۆژژمێرە کاششییەکەدا هەیە، تەقلیدێك کە مرۆڤ دەتوانێت تا سەردەمێکی درەنگتر لە نوسخە بابلییە نوێکەدا کە پاش هەرەسی بابل کۆکراوەتەوە بەدوایدا بچێت.

کورتەکەی خۆمان کە درێژترین لیستی ڕۆژە گونجاوەکانە تا ئێستا بلاوبکرێتەوە لەچەند ڕوویەکەوە جێگەی سەرنجە:

1-یارمەتیمان دەدات بۆ دەستنیشانکردنی واتای تەعبیرە تەماوی کراوەکان، چونکە باش زانراوە کەوا نووسەرانی ڕۆژژمێرەکان زاراوە یان تەعبیرە ناتەواوەکانیان لا باش بوو بەشێوەیەك هەندێك جار نازانین ئایا مەسەلەکە پەیوەندی بە پێشبینییەکی گونجاو یان نەگونجاوەوە هەیە، ڕەنگە بەوردی لەهەر تەعبیرێکی تەماوی کە هاوتەریبی لەکورتەی ڕۆژژمێرەکەی ئێمەدا هەیە تێبگەین لەبەر ئەوەی هەموو دەستنیشانکردنەکانی دەقەکەمان بە ((گونجاو)) لێی تێدەگەین. بۆ نموونە rigim kidim (پێشبینی بۆ ڕۆژی پێنجەمی مانگی شابات) نابێت دەلالەت لە((هاواری دوژمن لەولاتدا بەرزدەبێتەوە)) بدات، چونکە بەپێی دەقەکەمان دەستنیشانکردنێکی ((گونجاو))ی هەیە. هەروا، تەفسیری پێشبینی بۆ ڕۆژی هەشتەمی نیسان ((کینەی دوژمنێك)) کە لەگۆڤاری (سومەر -بەرگی 8 ل 27) پێشنیارکراوە هەڵەیە.

هەندێ جار تەفسیرێکی ڕاستی تەعبیرە کورتکراوەکە مومکینە بەهۆی ئەو زاراوەیەی گەشەی سەندووەو لەناو دەقەکەماندا هەیە، بۆ نموونە خیبیلتوم ئوصصی **hibiltum uṣṣi**[19].

2-جیاوازی نێوان کورتەکەمان و دەقە هێمێرۆلۆجییەکانی تری لەم شێوەیە دەریدەخات کە دەتوانرێت دوو نەریت جیابکەینەوە؛

3-لە نەریتی کورتەکەماندا، بەپێچەوانەی نەریتی بابلی، ڕۆژی یەکەمی هەر مانگێك وەك (گونجاو) دەستنیشان کراوە؛

4-ڕۆژژمێرەکان و بەتایبەتی کورتەکان لەسەر خواستی پادشا یان ئەشرافەکان کراوەو ئەمە نەك تەنیا بەهۆی پێشبینیی وەك ئەمانەی خوارەوە دەسەلمێت: ((پادشا گونجاو دەبێت))، ((بانگهێشتی پادشا))، ((کەسایەتییەکی گرنگ گونجاو دەبێت))، بەلام هەروەها بەهۆی ئاماژەی ترەوەو کە تیایدا پادشا ناو نەبراوە وەك ((وێرانیی دوژمنێك))، ((جەنگ، گرتنی شارێك)) کە لە لەوحەکەماندا هەن. باشیش زانراوە کەوا لەسەر خواستی پادشا نازیماروتتاش کورتەیەکی ڕۆژە گونجاوەکان لەلایەن زاناکانەوە کۆکرابووەوەو کە پادشاکانی سەردەمی سارگۆنییەکان لەنامەکانیاندا زۆر داوای لیستێکی ڕۆژە گونجاوەکانیان دەکرد ئەویش بەرلەوەی دەست بدەنە کارێکی گرنگ.

---

[18] لێرەدا ماتووش بەراوردی لەنێوان ڕۆژژمێری بەکراواو ڕۆژژمێرەکانی تر لەبارەی لەیەکچوونی ڕۆژەکان دەکات.

[19] لەم نموونەیەدا خوێندنەوەی دوو هێمای tum و rum لەسەردەمی بابلیی ناوەڕاستدا گۆڕا بۆ (تو) و (رو)، بڕوانە لێکدانەوەکانی ماتووش (ل 53).

**وەرگێڕانی دەقەکە**

**(ستوونی 1: مانگی نیسانو Nisannu)**[20]

**لەمانگی نیسانودا.**

**ڕۆژی یەکەم: بەتەواوەتی گونجاوە[21].**

**چوارەم: نیو ڕۆژی گونجاوە**

**شەشەم: نیو ڕۆژی گونجاوە.**

**هەشتەم: وێرانیی دوژمنێك**

**دەیەم: دەستکەوتنی کێڵگەیەك**

**یانزەیەم: خۆشیی دڵ**

**16 یەم: ئەو شتەی دەیەوێت بەجێی دەهێنێت.**

**18 یەم: ناخۆشی نامێنێت.**

**بیستەم: شەڕ، گرتنی شار**

**21 ـەم: هەواڵ**

**23 یەم: نیو ڕۆژی گونجاوە**

**بیست.....**

**هەمووی: یانزە ڕۆژی گونجاو[22]**

**لەمانگی نیساننودا**

**(ستوونی 2 : مانگی ئایارو Aiaru)**

**لەمانگی ئایارودا:**

**یەکەم ڕۆژ: گونجاوە**

**شەشەم: کەسێکی گرنگ گونجاو دەبێت**

**دەیەم: ئەو خوداوەندەی لەڕێگەدایە گونجاو دەبێت. کەسێکی گرنگ لەمەسەلە(یەك) دا گونجاو دەبێت.**

**16 یەم: خۆشیی دڵ.**

---

[20] ئەوەی نێوان دوو کەوانەی ( )دایە قسەیەکە لەدەقەکەدا نەنووسراوە. ساڵەکەش بەمانگی (نیساننو) دەست پێدەکات کە ڕێکەوتی نێوان دوو مانگی (ئادار) و (نیسان) ی ئێستامانەو بەمانگی (ئاددارو) تەواو دەبێت. مانگەکانیش وەك مانگی عەرەبی بوون، بەڵام ئەو گۆڕانەیان بەسەردا نەدەهات کە لە مانگی عەرەبیدا هەیەو کە مانگێکی دیاریکراو لە زستان بۆ پایز بۆ هاوین... بجووڵێن. بەڵام لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی پشت بە مانگ دەبەسترا ساڵەکە 365 ڕۆژەکەی تەواو نەدەکرد بۆیە مانگێکی تریان زیاد دەکرد. ماتووش لەجیاتی (نیساننو) دەنووسێت (نیسان) هەروەها (ئایار) لەجیاتی (ئایارو) ... تاد مانگەکانیش لەدەقەکەدا بەشێوەی (جەڕ) هاتوون" واتە: نیساننی، ئایاری. ماتووش (ئاددار) دەنووسێت بەڵام لەهێماگوڕیندا (ئادارو)ی نووسیوە.

[21] لەدەقەکەدا بۆ گونجاو AŠ ی سومەری (= **magir** ی ئەکەدی). لەڕۆژژمێری تردا بە ŠE، **ŠE-GA** هاتووە **Matoush,p.23f** لێرەدا وشەی (گونجاو) بەکاردەهێنین ئەگەر بۆ ڕۆژ بێت یان بۆ مرۆڤ.

[22] لەهەموو کۆتایی ستوونەکاندا AŠ نەنووسراوە، بەڵکو **tabu = $DU_{10}$- GA** واتە: باش، خۆش.

18 یەم: ئامادەکردنی دانەوێڵە بۆ گواستنەوە.

20 ـەم: با مارێك بکوژێت دەگاتە پایەی یەکەم.

21 ـەم: هەواڵ

30 یەم: بەتەواوەتی گونجاوە.

(دوو دێڕ بەم جۆرەن)

**KI. ID??.SAG?**

**li-pal-li-ku**

هەمووی : 9 ڕۆژی گونجاو

لەمانگی ئایارودا

<u>(ستوونی 3 :مانگی سیمانو Simānu)</u>

لەمانگی سیمانودا: یەکەم ڕۆژ پادشا گونجاو دەبێت

دووەم: خوداوەند گونجاو دەبێت.

7 ـەم: نیو ڕۆژی گونجاو.

9 یەم: بەتەواوەتی گونجاوە.

11 یەم: خوداوەندی ماڵ گونجاو دەبێت.

12 یەم: ئەو خوداوەندەی لەڕێگەدایە گونجاو دەبێت.کەسێکی گرنگ لەمەسەلە (یەك)دا گونجاو دەبێت.

13یەم: کەسێکی گرنگ گونجاو دەبێت.

15یەم: باقوربانیی خۆی بۆ گولا[23] دابنێت: خوداوەندەکە لێیوەردەگرێت.

16 یەم: خوداوەندی ماڵ گونجاو دەبێت.

17 یەم: ژنەکە گونجاو دەبێت.

19یەم: خوداوەندەکە گونجاو دەبێت.

22 ـەم: میراتی.

24 ـەم : خوداوەندەکە گونجاو دەبێت.

29یەم: مەسەلەکە گونجاو دەبێت.

هەمووی:

18 ڕۆژی گونجاو.

لەمانگی سیمانودا

<u>(ستوونی 4 :مانگی تەمموزو Tammuzu)</u>

لەمانگی تەممۆزدا: یەکەم ڕۆژ

خوداوەند شاماش وەڵام دەداتەوەو خوداوەندەکە دیارییەکی دەداتێ.

3یەم: ئامادەکردنی دانەوێڵە بۆ گواستنەوە.

7 ـەم: کەسێکی گرنگ گونجاو دەبێت.

9یەم: بەتەواوەتی گونجاوە.

[23] خوداوەندی تەندروستی.

12یەم: بانگهێشتێکی پادشا

13یەم: خوداوەندو پادشاکە گونجاو دەبن.

14 یەم: خوداوەندەکە گونجاو دەبێت.

17 یەم: کۆیلەکە گونجاو دەبێت.

19یەم: پادشا گونجاو دەبێت.

21 ـەم: خوداوەندەکە گونجاو دەبێت.

22 ـەم: پادشاکە گونجاو دەبێت.

23 یەم: ژنەکە گونجاو دەبێت.

26 ـەم: کۆیلەکە گوێڕایەڵ (دەردەکەوێت)[24].

27 ـەم: مەسەلەکە گونجاو دەبێت.

28 ـەم: بەتەواوەتی گونجاوە.

29یەم: هەمان شت

هەمووی:

16 ڕۆژی گونجاو

لەمانگی تەممووزدا

(ستوونی 5: مانگی ئابو Abu).

لەمانگی ئابودا: یەکەم ڕۆژ: بەتەواوەتی گونجاوە.

دووەم: لەکۆشکدا، بانەچێتە ناوی[25]. دیارییەکی خوداوەندەکە لەوێدا دەبێت (و) وەری دەگرێت.

6 ـەم: نیو ڕۆژی گونجاو.

دەیەم: باقوربانییەك دابنێت بۆ گولا

12 یەم: کەسێی گرنگ گونجاو دەبێت

13 یەم: گونجاوە

14یەم: گونجاوە

29یەم: هەواڵ

هەمووی: 8 ڕۆژی گونجاو

لە مانگی ئابودا

(ستوونی 6: مانگی ئێلولو Elūlu)

لەمانگی ئێلولودا

یەکەم ڕۆژ: گونجاوە

[24] لەم دێڕەدا هەروەها لەڕۆژی (17) یەمدا نووسراوە: **IR(ardu) AŠ(magir)** ماتووش دوو دێڕەکەی سەرەوە بەو شێوەیە وەرگێڕاوە. دەشبوایە ئێمە (گوێڕایەڵ)مان لەهەردوو دێڕەکەدا بەکاربهێنایە، بەڵام بەباشترمان زانیوەرگێڕانی ماتووش وەك خۆی دابنێین.

[25] واتە: بانەچێتە ناو کۆشکەکە.

سێیەم: ئەو ..... دەدۆزێتەوە

چوارەم: گونجاوە

پێنجەم: گونجاوە

7 ـەم: گونجاوە

نۆیەم: دەسکەوتنی کێڵگەیەك

11یەم: گونجاوە

14یەم: خۆشیی دڵ

15یەم: گونجاوە

17یەم: میراتی

و خۆشیی دڵ.

19یەم: هەواڵ

21 ەم: گونجاوە.

23یەم: گونجاوە

26 ـەم: گونجاوە

28 ـەم: گونجاوە

29یەم: دیاری

30یەم: کەسێکی گرنگ گونجاو دەبێت.

هەمووی: 18 ڕۆژی گونجاو.

لەمانگی ئێلولودا

(ستوونی 7: مانگی تێشریتو **Tešrītu**)[26]

لەمانگی تێشریتودا: یەکەم ڕۆژ

لەگەڵ ئەوەش کە ئەو دەگاتە ئەوپەڕی

خۆشی

و مەزنی با نە ماسیو نە کەرەوز بخوات

ناخۆشی نایگاتێ؟

دووەم: باشە

سێیەم: باڵندەیەکی گیراو بەربدات

کارەسات[27]

4 ـەم: گونجاوە

[8] ـەم: نیو ڕۆژی گونجاوە.

[9 یەم] لەمەسەلە (یەك)دا گونجاوە

[ 11؟یەم]: گونجاوە

---

[26] لێرەوە پشتەوەی دەقەکە دەست پێدەکات کە بەشێکی گەورەی شکاوە.

[27] لەوانەیە: کارەسات نایگاتێ یان تووشی نابێت.

[14 ؟ یەم] : خۆشیی دڵ

[17 یەم] : خوداوەند سین گونجاو دەبێت

[19 یەم] : خواستەکانی

[بەجێ] دە [هێنێت]

[21 ـەم؟...] گونجاوە

[22 ـەم؟ ... گو] نجاوە[28]

هەمووی: 16 ڕۆژی گونجاو

لەمانگی تێشریتودا

(ستوونی 8 : مانگی ئاراخسامنو Arahsamnu)

لەمانگی ئاراخسامنودا: یەکەم ڕۆژ گونجاوە

دووەم: پادشا گونجاو دەبێت

نۆیەم: گونجاوە

[11یەم] : گونجاوە

[13یەم] : گونجاوە

(..............)

(ستوونی 9 : مانگی کیسلیممو Kislimmu)

لە مانگی کیسلیممودا: یەکەم ڕۆژ: گونجاوە

6 ـەم: خۆشیی دڵ

9یەم: گونجاوە

(..........)

(ستوونی 10: مانگی تێبێت Tebet)[29]

لەمانگی تێبێتدا: یەکەم ڕۆژ: گونجاوە

7ـەم: گونجاوە

11یەم: نیو ڕۆژی گونجاوە

(...........)

[هەمووی] : 18 ڕۆژی گونجاو

[لەمانگی] تێبێتدا

(ستوونی 11: مانگی شاباتو Šabatu)

لەمانگی شاباتودا: یەکەم ڕۆژ گونجاوە

[28] ڕەنگە ڕۆژی 21 و 22 (؟) گونجاو بن، یان شتێك یان مرۆڤێك تیایاندا گونجاو بێت، ئەم گومانەش لەژمارەکەو لەشتەکە لەبەر شکانی دەقەکە لەم بەشەدا.

[29] لەهێماگۆڕینەکەدا تێبیت Tebīt (یای دووەم یای تەواوە) لەوەرگێڕانەکەشدا تێبێت Tebet (بزوێنی کورتی ئێ e)، مانگەکەم لە شوێنی تردا بە شێوەی تێبێت Tebêt بینیوە.

سێیەم: مەسەلەکە گونجاو دەبێت

پێنجەم: هاوارکردن لەدەرەوە

8ـەم: [گونجاوە]

(........)

[ هەمووی] : 17 ڕۆژی گونجاو

[لە مانـ...] گی شاباتودا

(ستوونی 12: مانگی ئاددارو **Addāru**)

لەمانگی ئاددارودا: یەکەم ڕۆژ

خۆشیی دڵ

دووەم: گونجاوە

سێیەم: گونجاوە

پێنجەم: گو [نجاوە]

8ـەم: دەستکەوتنی کێڵگەیەك

دێڕەکانی 7–15 بەتەواوی فەوتانو تەنیا ژمارەی ڕۆژە گونجاوەکان هەیە:

(9، 10، 17‹16؟، 18؟، 20، 21، 24، 28؟)

سییەم: بەتەوا [وەتی گونجاوە]

هەمووی: 15 ڕۆژی گونجاو

لەمانگی ئاددارودا.